# مظاهر التلوث البصري في مدينة دربندخان

**مهدي هادي أحمد – مدرس مساعد**

قسم الجغرافيا، كلية التربية الإنسانية، سعيد صادق، جامعة السليمانية، إقليم كوردستان، العراق

البريد الإلكتروني Email : Mahdi.abdulrahman@university.edu.iq

**الكلمات المفتاحية:** التلوث ، دربنديخان ، البيئة ، السكان.

**كيفية اقتباس البحث**

أحمد ، مهدي هادي ، مظاهر التلوث البصري في مدينة دربندخان،مجلة مركز بابل للدراسات الانسانية، كانون الثاني ٢٠٢٦،المجلد:١٦ ،العدد:١ .

**هذا البحث من نوع الوصول المفتوح مرخص بموجب رخصة المشاع الإبداعي لحقوق التأليف والنشر ( Creative Commons Attribution ) تتيح فقط للآخرين تحميل البحث ومشاركته مع الآخرين بشرط نَسب العمل الأصلي للمؤلف، ودون القيام بأي تعديل أو استخدامه لأغراض تجارية.**

Registered مسجلة في ROAD

Indexed مفهرسة في IASJ

مجلة مركز بابل للدراسات الإنسانية ٢٠٢٦ المجلد ١٦ / العدد ١

# Manifestations of visual pollution in Darbandikhan

**Mahdi Hadi Ahmad - Assistant teacher**
Department of Geography, College of Humanities Education, Said Sadiq, Sulaimani University, Kurdistan Region, Iraq

**Keywords** : Pollution, Darbandikhan, Environment, Population.

**How To Cite This Article**
Ahmad, Mahdi Hadi, Manifestations of visual pollution in Darbandikhan , Journal Of Babylon Center For Humanities Studies, January 2026,Volume:16,Issue 1.

**This is an open access article under the CC BY-NC-ND license (http://creativecommons.org/licenses/by-nc-nd/4.0/**

This work is licensed under a Creative Commons Attribution-NonCommercial-NoDerivatives 4.0 International License.

## Abstract:

Visual pollution is a form of environmental pollution that most cities suffer from. This phenomenon has increased exponentially due to increasing population on the one hand and growing urbanization and advanced housing projects on the other hand. The research area, which is located in Darbandikhan, is located in the south of Sulaimani province. The aim of this study is to identify the causes of vision pollution in the city and then determine its impact on the residents of the area through the distribution of survey forms

According to the research, Darbandikhan suffers from visual pollution, there are several factors that cause this problem, including private generators and their wires, misuse of public sidewalks, traffic congestion, as well as the presence of stray animals on the roads and waste.

Therefore, this study shows that local authorities can reduce this pollution by implementing environmental laws, increasing green space and raising environmental awareness among the population.

**ملخص**

يُعدّ التلوث البصري أحد أشكال التلوث البيئي الذي تعاني منه معظم المدن. وقد تفاقمت هذه الظاهرة بشكلٍ كبير نتيجةً لزيادة عدد السكان من جهة، والتوسع العمراني المتسارع ومشاريع الإسكان الحديثة من جهة أخرى. تقع منطقة البحث في مدينة دربندخان، جنوب محافظة السليمانية. وتهدف هذه الدراسة إلى تحديد أسباب التلوث البصري في المدينة، ثم تحديد تأثيره على سكان المنطقة من خلال توزيع استبيانات.

ووفقًا للدراسة، تعاني دربندخان من التلوث البصري، وهناك عدة عوامل تُسبب هذه المشكلة، منها المولدات الكهربائية الخاصة وأسلاكها، وسوء استخدام الأرصفة العامة، والاختناقات المرورية، بالإضافة إلى وجود الحيوانات الضالة في الطرقات والنفايات.

لذا، تُبين هذه الدراسة أن بإمكان السلطات المحلية الحدّ من هذا التلوث من خلال تطبيق القوانين البيئية، وزيادة المساحات الخضراء، ورفع مستوى الوعي البيئي لدى السكان.

ڕواڵەتەکانی پیسبوونی بینین لە شاری دەربەندیخان

مهدی هادی احمد
مامۆستایی یاریدەدەر
بەشی جوگرافیا_کۆلێژی پەروەردەی زانستەمرۆڤایەتیەکان_سەیدصادق-زانکۆی سلێمانی/ هەرێمی/ کوردستان_ عێراق

## پوختە

پیسبوونی بینین جۆرێکە لە پیسبوونی ژینگە کە زۆربەی شارەکان بەدەستیەوە دەناڵێنن. ئەم دیاردەیە بەهۆی زیادبوونی ژمارەی دانیشتووان لە لایەک و پەرەسەندنی شارنشینی و پرۆژەی نیشتەجێبوونی پێشکەوتوو لە لایەکی دیکەوە بە شێوەیەکی بەرچاو زیادی کردووە. ناوچەی توێژینەوە، کە شاری دەربەندیخانە دەکەوێتە باشووری پارێزگای سلێمانی. ئامانجی ئەم توێژینەوەیە دیاریکردنی هۆکارەکانی پیسبوونی بینین لە شارەکەدا و پاشان دیاریکردنی کاریگەرییەکانی لەسەر دانیشتوانی ناوچەکە لە ڕێگەی دابەشکردنی فۆرمی ڕاپرسیەوە.

لە ئەنجامی توێژینەوە دەرکەوتووە، شاری دەربەندیخان بەدەست پیسبوونی بینین دەناڵێنێت، چەند هۆکارێکیش هەن کە هۆکارن بۆ ئەم کێشەیە، لەوانە مۆلیدە ئەهلیەکان و وایەرەکانیان، خراپ بەکارهێنانی شۆستەی گشتی، قەرەباڵغی هاتوچۆ، هەروەها بوونی ئاژەڵی بێسەرپەرشت لەسەر ڕێگاوبانەکان و پاشماوە و زۆربوونی هێمای هەمەڕەنگ.

بۆیە ئەم توێژینەوەیە ئەوە پیشان دەدات کە بەرپرسانی کارگێری ناوچەکە دەتوانن ئەم پیسبوونە کەم بکەنەوە بە جێبەجێکردنی یاساکانی ژینگە و زیادکردنی فەزای سەوزایی و بەرزکردنەوەی ئاستی هۆشیاری ژینگەیی لەنێو دانیشتواندا.

وشەی سەرەکی: پیسبوون، دەربەندیخان، ژینگە، دانیشتوان

## پێشەکی

دیاردەکانی پیسبوون لە شارەکاندا فروان و جۆراو جۆرن، لە دەرئەنجامی زۆربوونی ژمارەی دانیشتوان و پێداویستی و چالاکیە جۆراو جۆرەکانەوە، چەندین دیاردەی نوێ پەیدابوون و کاریگەریان لەسەر شارەکان دروست کردووە، یەکێک لەم دیاردانە بریتیە لە پیسبوونی بینین کە لە ئێستادا بەیەکێکە لە کێشە ژینگەییە دادەنرێت، بەتایبەت لە شارەکانی وولاتە دواکەوتووەکان ڕوونتر بەدی دەکرێت.

مجلة مركز بابل للدراسات الإنسانية ٢٠٢٦ المجلد ١٦ / العدد ١

هەر دیمەنیك لە كاتی تەماشاكردنیدا لە لایەن مرۆڤەوە ببێتە هۆی نائارامی و بێزاری یان نەیەوێت جارێكی تر سەیری ئەو دیمەنە بكاتەوە یان نەمانی زەوقی هونەری و ونبوونی ڕوخساری جوانیەكان پیسبوونی بینینی لێدەكەوێتەوە.

لە ناوچەی توێژینەوەیش چەندین سەرچاوەی پیسبوونی بینین دەبینرێت،كە بوەتە هۆی شێواندن و تێكدانی سیمای شارستانی شارەكە، كە لە ئەنجامی پشتگوێ خستن وخراپ بەكارهێنانی پلان ڕێژی و یان كەم تەرخەمی دەسەڵاتی جێبەجێكردنەوە یاخود بەهۆی خراپی رەفتارە كۆمەڵاتی و ئابوریەكانەوە دروست دەبێت، ئەمەیش پێویستی بە پێداچونەوە هەیە، بە مەبەستی كەمكردنەوەی كاریگەری ئەم دیاردەیە لەسەر شارەكە.

**گرنگی توێژینەوە:** توێژینەوە لەسەر گرفتی پیسبوونی بینین لەهەر ناوچەیەك گرنگە لەبەر ئەوەی ئەم گرفتە دەبێتە هۆی تێكدانی دیمەنی جوانی ناوچەكە كە كاریگەری خراپ لەسەر دەروونی هاوڵاتیان دروست دەكات، بۆیە ئەنجام دانی توێژینەوە لەسەر ئەم بابەتە گرنگیەكی تایبەتی هەیە و ئەگەر چارەسەری گرفتەكانیش بكرێت ئەوا دەبێتە هۆی كەمكردنەوەی كاریگەری لەسەر دەروونی هاوڵاتیان و زیادبوونی دیمەنی شارستانیەت بە سیمای شارەكەوە.

**ئامانجی توێژینەوە :** دەرخستنی هۆكارەكانی پیسبوونی بینین و سەرچاوەكانی دروستبوونی و ڕادەی كاریگەری ئەم پیسبوونە لە دیدی دانیشتوانەكەیەوە، هەروەها دەستنیشانكرنی گرنگترین ئەو هۆكارانەی كە دەكرێت لەو رێگەوە ئەم جۆرەی پیسبوون چارەسەر بكرێت یاخود كاریگەریەكانی كەم بكرێتەوە.

**كێشەی توێژینەوە:**

١-تا چ ڕادەیەك كێشەی پیسبوونی بینین لە شاری دەربەندیخان كێشە وگرفتی ژینگەیی خولقاندوە؟

٢- ئەو لایەنانە چین كە لە ڕووی بینین و جوانییەوە نەگونجاون؟

٣-ئایا دەشێت كێشەكە بە كاری هاوبەش وهەمەهانگی چارەسەر بكرێت وكەمبكرێتەوە؟

**گریمانەی توێژینەوە:**

١- دیاردەی پیسبوونی بینین لە ناوچەی لێكۆڵینەوە كێشە و گرفتی ژینگەیی دروست كردووە.

٢- زۆرن ئەو سەرچاوانەی كە لەڕووی بینین و جوانیەوە نەگونجاون وەك (وایەری كارەبایی، پاشماوەكان، قەرەباڵغی هاتووچۆ).

٣- دەشێت كێشەكە چارەسەر بكرێت وكەمبكرێتەوە.

میتۆدی توێژینەوە: لەم لێکۆڵینەوەدا توێژەر پشتی بەستووە بە (وەسفی و شیکاری)، هەروەها ئەنجامدانی شێوازی فۆرمی ڕاپرسی، بە پشت بەستن بەسەردانی مەیدانی توێژەر بۆ ناوچەی لێکۆڵینەوە بۆ بینین و وێنە گرتنی ئەو دیاردانەی بوونەتە هۆی پیسبوونی بینین بۆ زانینی ڕادەی کاریگەری ئەو دیاردانە.
.

**پلانی توێژینەوە:**

لە پێناو گەشتن بە ئەنجامی زانستی ورد توێژەر توێژینەوەکەی دابەش کردووە بۆ دوو باسی سەرەکی:

باسی یەکەم: لایەنی تیۆری توێژینەوە(شوێنی جوگرافی، چەمک و زاراوەکانی ژینگە و پیسبوون و پیسبوونی بینین و هۆکارەکانی).

باسی دووەم: سەرچاوەکانی پیسبوونی بینین لە شاری دەربەندیخان و کاریگەریەکانی و ڕێگا چارەکانی.

باسی یەکەم: ناساندنی ناوچەی توێژینەوە


١.١. شوێنی جوگرافی:

شاری دەربەندیخان ناوەندی قەزای دەربەندیخانە، لە ڕووی کارگێڕیەوە سەر بە پارێزگای سلێمانییە و کەوتووەتە باکوری ڕۆژهەڵاتی عێراق و ڕۆژهەڵاتی هەرێمی کوردستان و باشوری پارێزگای سلێمانی، لە باکورەوە هاوسنورە لەگەڵ قەزای شارەزوور و لە باشورەوە قەزای خانەقین، لە ڕۆژهەڵاتەوە هاوسنورە لەگەڵ ناحییەی سیروان و ناحییەی بەمۆ، لە ڕۆژئاواوە لەگەڵ قەزای کەلار و ناحییەی پێباز هاوسنورە، نەخشەی (١).

شاری دەربەندیخان کەوتووەتە ناوەراستی قەزاکە، لە رووی مێژیەوە بناغەی شاری دەربەندیخان لەو گوندەوە دەست پێدەکات، کە لە بناری چیای بەرانانەدایە و ناوی سەلیم پیرکە، لە سالّی (١٩٥٤) بە دەستپێکردنی پرۆژەی دروستکردنی بەنداوی دەربەندیخان گەڕەکی(کەمپی خوار) دروست دەکرێت، کە بەیەکەم گەڕەکی دەربەندیخان دادەنرێت و لە ئێستادا پێکهاتووە لە (١٧) گەڕەک و ڕووبەرەکەی (٨،٦) کیلۆمەتر چوارگۆشەیە(تۆفیق،٣٧،٢٠١٥). بەپێی سەرژمێری ساڵی (٢٠٢٤) خەمڵاندنی بۆ کراوە دانیشتوانەکەی (٥٦١٤٦) کەسە (حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی پلاندانانی حکومەتی هەرێم، بەرێوبەرایەتی ئاماری سلێمانی، ٢٠٢٥).

سەبارەت بە شوێنی ئەسترۆنۆمی ناوچەی توێژینەوە دەکەوێتە بازنەی پانی پانی (٠´´ ٢٤´ ٣٥°بۆ ٣٠´´ ١٩´ ٣٥°) ی نیوە گۆی باکوری زەوی و هێڵەکانی درێژی (٣٠´´ ٣٩´ ٤٥° بۆ ٠´´ ٥٤´ ٤٥°) ی بەشی ڕۆژهەڵات، نەخشەی (١).

نەخشەی (١)شوێنی جوگرافی شاری دەربەندیخان بەپێی عێراق و هەرێمی کوردستان و قەزایی دەربەندیخان




سەرچاوە: کاری توێژەر بە پشت بەستن: حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی پلادانان، بەرێوبەرەیەتی ئاماری سلێمانی بەشی GIS، ٢٠٢٥.

٢.١: چەمک و زاراوەکانی ژینگە و پیسبوون و پیسبوونی بینین

ژینگە:- بریتیە لەو ناوەندەی فاکتەرە زیندووەکان وەک (مرۆڤ، ئاژەڵ ڕووەک زینـدەوە ووردەکـان و نازینـدەوەرەکان وەک (خـاک ئـاو هـە وا) و فـاکتەرە جوگرافییەکان تیایـدا بـوونی هەیە و پەیوەنـدی لە نێوانیانـدا هەیە و کار لە یەکتر دەکەن (عبدالرحمان، ٢٠٠٨، ل ٤٤_٤٦).

کەواتە ژیـنگە : بـریتیە لەو ناوەنـدەی فـاکتەرە زینـدووەکان وەک (مـرۆڤ، ئـاژەڵ، ڕووەک، زینـدەوەرە ووردەکـان) و نازینـدەوەرەکان وەک (خـاک، ئـاو، هەوا،) و فاکتەرە جوگرافییەکان تیایدا بوونی هەیە و پەیوەندی لە نێوانیاندا هەیە و کار لەیەکتر دەکەن. (آحمد،٢٣،٢٠٢٢).

پیسـبوونی ژیـنگە پێناسـەی جۆراوجـۆری بـۆ کـراوە لە لایەن شـارەزایان و وڵاتـان و ڕێکخـراوە ژینگەییەکـان بڵاوترینیـان ئەوەیە کە پیسـبوونی ژیـنگە بریتیە لە سـەرجەم ئەو گۆرانکاریانەی لە خەسڵەتە سروشـتیەکانی ژیـنگە (کیمیـایی و فیزیـایی و بـایۆلۆجی)دا ڕووبـدات و ببێـتە هـۆی گـۆڕانی (ئـاو، هەوا،خاک) و لادان لە شێوە و پێکهاتە سروشـتیەکەی خۆیـان و تێکچـوونی سیسـتمی هاوسـەنگی ژینگەی و سـەرئەنجام تێکچوونی ژیانی زیندەوەران و مەترسـی لەناوچونیان بە مـرۆڤ و ئـاژەڵ و ڕووەکـە وە ژیـنگە بە چەنـدین جـۆری جیـاواز پـیس دەبێـت گرنگتـرین جۆرەکـانی پیسـبوون بـریتین لە (پیسـبوونی خـاک، ئـاو، هەوا، خـۆراک، پیسـبوون بە تیشک،پیسـبوون بە ژاوەژاو پیسبوونی بینین) (بەرزنجی، ٢٠٠١، ٦٤).

کەواتە پیسبوون بریتییە لە هەر زیاد بوونێک لە مـاددە و لە وزە لە شـوێن و کـات و ڕێـژەی گونجـاوی خۆیـدا نەبێـت هەتـا ئەگەر سروشـتی بێـت یـا دەستکردی مرۆڤ بێت.

پیسـبوونی بینـین : بەیەکێـک لە جۆرەکـانی پیسـبوونی ژیـنگە دادەنرێـت ڕواڵەتەکانی ئەم دیاردەیە لەم سـاڵانەی دوایـدا زۆر زیـانی بـوە، بەراورد بە پێشووتر بە هۆی زۆر بوونی ژمارەی دانیشـتوان و پێشـکەوتنی ئـاوەدانی و پرۆسـەکانی شـارسازی و چالاکیە جۆربەجۆرەکانی دانیشتوانەوە(عەجورە، ٢٠١٤، ل ٢٠٢).

مەبەست لە پیسبوونی بیین هەموو ئەو دیاردە وسیمایانە دەگرێتەوە کە سەرنجی مرۆڤ ڕاناکێشن و بریتین لە دیاردەی ناشرین و نارێک کە مرۆڤ لەسەیرکردنیان بێزار دەبێت(باڵەکی، ٢٠١٦،١٥).

یان بریتیە لە نەمانی رواڵەتەکانی جوانی لەشاردا وەک کۆنی یان داڕمانی بیناکان و بڵاوبونەوە ناوچەی هەرەمەکی و نەبوونی ڕێکخستن و ناچونیەکی لە نێوان رەگەزەکانی ژینگە و دەوربەری شاردا(الزیدی، ٢١٣،١٧١).

هەندێک لە پسپۆرانی

کەواتە پیسبوونی بینین هەموو ئەو وێنەو دیمەنانە دەگرێتەوە کە چێژی بینین کەم دەکەنەوە لە کاتی سەیرکردنیان دا، مرۆڤ زۆر بە ئاسانی هەستیان پێدەکات و بە سەیرکردنی هەست بە نائارامی دەکات و کاریگەری لەسەر تەندروستی و دەرونی مرۆڤ دەبێت.

## ٣.١: هۆکارەکانی پیسبوونی بینین:-

یەکەم: پلاندانان (نەخشەکێشان):

خراپ پلان دانانی شارستانی و شێوازی شارەکان و بیناکاری لە شارەکان بە هۆکارێکی گرنگ دادەنرێت بۆ زۆربوونی سەرچاوەکانی پیسبوونی بینین(الکلابی، ٢٠١٥، ٤٢٦).

بۆ ئەوەی شار بە شێوەیەکی جوان بێتە بەرچاو دەبێت پشت بە یاسا و ڕێنمایەکانی ببەسترێت لەکاتی پلاندانان بۆ فروانکردن و ئاوەدانکردنەوەی شار، ئەوانەی لەم کارەیش بەرپرسن دەزگا حکومیەکان و شارەوانی شارەکەیە چونکە کاتێک شار بە گوێرەی پلان دانان ئاوەدان بکرێتەوە ئەوا بێگومان ئەو شارە بەرەو ژینگەیەکی پاک وخاوێن دەچێت.لەکاتی زۆربوونی ژمارەی دانیشتوان لە شوێنکی دیاریکراو، ئەگەر لەو کاتەدا حکومەت پلانی نەبێت بۆ ئەم فراوان بوونە ئەوا خەڵك بەشێوەی هەرەمەکی دەست دەکەن بە دروستکردنی خانوو وشوێنی نیشتەجێبوون(حمدان، ٢٠١٠،٧).

شاری دەربەندیخانیش وەک زۆربەی شارەکانی تر تووشی پرۆسەی فروانبوونی ناوچەی نیشتەجێبوون بووە، فروان بوونی رووبەری شاریش بەم شێویە کۆمەڵێک گرفتی جۆراوجۆری بە دواوەیە یەکێک لەو گرفتانەیش لە ناوبردنی ڕووبەری سەوزاییەکانی و ناوچە کشتوکاڵیەکانی دەروبەری شارەکە شوێن گرتنەوەیان بە باڵەخانە و شوێنی نیشتەجێبوون، هەروەها نارێکی و تێکەڵیەکی زۆر لە جۆری بەکارهێنانی زەوی لە شارەکەدا بەدی دەکرێت ئەمەیش بە هۆی خراپی پلاندانانەوەیە.

دووەم: هۆکاری ئابوری:

ئەم فاکتەرە ڕۆڵێکی گرنگی هەیە لە سەرهەڵدان یان نەمانی پیسبوونی بینین لە شارەکاندا، لە زۆربەی ئەو وڵاتانەی کە ئابوورییان لاوازە و دانیشتوانەکەی توانای دارایان نزمە، دیاردەی پیسبوونی بینین لە شارەکانیاندا زیاتر دەبێت، بەتایبەتی لە لایەنی تەلارسازییەوە، بە پێچەوانەی وڵاتانی پێشکەوتوو کە ئابوورییان بەهێزە و ئاستی ژیانیان بەرزە(المشهدانی، ٢٠٢٢،٤٨١).

لە ناوچەی تویژینەوەیش ئەو ئەو هاوڵاتیانەی داهاتیان بەرزە خانوو وباڵەخانەی نوێیان بە شێوزای سەردەمیانە دروست کردوە لە تەنیشت خانووی ئەو شارنشینانەی کە داهاتیان کەمە و توانای نوژەنکردنەوەی خانوو یان فرۆشگاکانیان نیە، ئەم جیاوازیە هۆکارە بۆ دروست بوونی گرفتی بینین لە شارەکەدا.

سێیەم: هۆکاری کارگێری و یاسایی:

پیسبوونی بینین لە شاردا دەردەکەوێت بە هۆی نەبوونی پلان و مەرجە تەشریعیەکانی پلان داڕێژەران و دیزاینەرانی شار( بیناسازی، شارەزایان) کە رەچاوی بنەماو سیستەمەکانی بینایی پلان ڕێژی ناکەن، ئەمەیش وادەکات شارێک دەربکەوێت لە دەرەوەی پلانی گشتی دیمەنی شاردا، یاخود ڕواڵەتەکانی پیسبوونی بینین لە زۆربەی حاڵەتەکان دا لە ئەنجامی لاوازی لایەنی ئیداریە لە ڕێکخستنی شاردا بەهۆی نەبوونی بە دواداچون بۆ ئەو سەرپێچیانەی لە لایەن کاربەدەستانی شارەوانیەوە دەکرێت، ئەم

کارەیش زیاد دەکات ئەگەر هاتوو یاسا و ڕێسایەک نەبێت بۆ لێپێچینەوەی ئەوانەی کە هۆکارن لە پیسبوونی بینین دا(محمد، ٨٥،٢٠٠٨).

چوارەم: هۆکاری کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری:

یەکێک لە هۆکارەکانی پیسبوونی بینین پێکدێت لە ڕەوشتی هەڵەکانی کۆمەڵگاو نەبوونی ئاستی ئارەزووی گشتی، ئەم ڕەوشتانە لە لایەن هەندیک لە تاکەکانی خێزان شوێنەواری ڕوونی هەیە لەسەر ژینگەی شارستانی و کومی ئاستی ڕۆشنبیری و زانستی، بەتایبەتی ڕۆشنبیری ژینگەیی.

هۆکاری کۆمەڵایەتی تاک بە پێی داب ونەرێت و بەها کۆمەڵایەتییەکان پەروەردە دەبێت، کە ئەم بارودۆخە کۆمەڵایەتیانەش وابەستەی سەرجەم باردۆخە سیاسی و ئابوری و تەندروستی و هتد... کۆمەڵگەیە، بۆیە کەمی ئاستی هۆشیاری و کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری دانیشتوان بە هۆکارێکی گرنگ دادەنرێت بۆ گەشەکردنی دیاردەی پیسبوونی بینین(تاحون، ٢٦٩،٢٠١٤).

پەیوەندیەکی ڕاستەخۆ هەیە لە نیوان شێوەی شارو ئاستی ڕۆشنبیری، چونکە بەرزبوونەوەی ڕۆشنبیری و هۆشیاری هەر کۆمەڵگەیەک دەبێتە هۆی جوانی ئەو شارە زیاتر دەربکەوێت، بە پێچەوانەشەوە راستە، سەبارەت بە ناوچەی توێژینەوەیش بەخیوکردنی ئاژەڵ و پەلەوەر و مەڕ و ماڵات کە دەبێتە هۆی پسیبوونی بینین و سیمایەکی ناشرین و نەخوازراو بە ناوچەکە دەبەخشێ بە ڕونی لەشاری دەربەندیخان هەستی پێدەکرێت(عەلی، و یوسف، ٢١،٢٠٢٠).

پێبجەم: نوێگەریەکانی سەردەم:

مەبەست لێی پێشکەوتنی تەکنەلۆجی و زانستییە ئەو هۆکارانەی کە پەیوەستن بە پێشکەوتنی نوێی سەردەمە وەکو زۆر بونی دانیشتوان و بڵاوبونەوەی خێرای تەکنەلۆجیا و تێکڕای دارایی لە بەرزبونەوەی نرخە جیهانیەکان و بارودۆخی ئابوری، ڕەنگدانەوەی هەموو ئەمانەش بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ لە پیسبوونی شار لەڕوی بینینەوە، نوێگەریەکانی سەردەم کاریگەری زۆری هەیە لەسەر پیسبونی بینین وە زیادبونی دانیشتوان لە شاری دەرنەدیخان بەراورد بە ڕابردوو بۆتە هۆی دروستبونی زیادەڕەوی گەڕەک بەشێوەیەکی هەڕەمەکی، پێویستە پێشکەوتنی شار و نوێگەریەکانی سەردەم هاوتەریب بن تانەبێتە هۆی پیسبونی بینین. (آمین، و آحمد، ٤٨،٢٠١٩).



Journal Of Babylon Center For Humanities Studies 2026 Volume :16 Issue : 1
(ISSN): 2227-2895 (Print) (E-ISSN):2313-0059 (Online)

باسـی دووەم: سـەرچاوەکانی پیسـبوونی بینـین و کاریگەریەکـانی و ڕێگـا چارەکانی

١.١: سەرچاوەکانی پیسبوونی بینین لە ناوچەی توێژینەوە

**١. پاشــماوە بەجێماوەکــان (زبــڵ و خاشــاک):**کۆبـونەوەی پاشــماوەکان وچارەســەر نەکردنیــان بە شــێوەیەکی ڕێکــو پێــک، کــاریگەری خــراپ بەجێدێڵێت لەسەر ژینگە ، سەرەڕای بۆنی نـاوخۆش و بڵاوبـونەوەی مێـروو مشەخۆرەکان لەسەری سیمای شوێنەکە دەشێوێنن،دیاردەی پیسبوونی بینین دروست دەکات(الفتلاوی،٨٧،٢٠٢٣)

وێنەی (١) پاشماوە بەجێماوەکان (زبڵ و خاشاک)





سەرچاوە: کاری توێژەر، ڕێکەوتی ٢٠٢٥/٤/٢٨ گیراوە.

**٢.نوسینی سەر دیوار:** دیاردەی نوسین لەسەر دیوارەکـان بە یەکێـک لە هۆکارەکـانی پیسـبوونی بینـین دادەنرێـت لە نـاوچەی تـوێژینەوە بە وردی دەردەکەوێت کە چەندین دروشم و نوسراوی بازرگانی و هەنـدێ نوسـینی تر کە لەلایەن گەنجان ئەنوسرێت،

وێنەی ژمارە (٢)نوسینی سەر دیوار



مجلة مركز بابل للدراسات الإنسانية ٢٠٢٦ المجلد ١٦/ العدد ١




سەرچاوە: کاری توێژەر، ڕێکەوتی ٢٠٢٥/٤/٢٨ گیراوە.

**٣.بەکارهێنانی بۆشایەکانی ناو شار بە شێوزێکی ناشارستانی:**

بەکارهێنانی بۆشایەکان و زەویە بەتاڵەکان یەکێکی ترە لە دیاردەکانی پیسبوونی بینین، چونکە سیمای ناوچەکە دەشێوێنێ وسەرەڕایی ئەوەی کاریگەری تەندروستی خراپی دەبێت، بەتایبەت کاتێک ئەم بۆشایانە بۆ مەبەستی فڕێدانی زبڵ وخاشاک و خانووبەرە بەکارهات

وێنەی ژمارە (٣)بەکارهێنانی بۆشایەکانی ناو شار بە شێوزێکی ناشارستانی





سەرچاوە: کاری توێژەر، ڕێکەوتی ٢٠٢٥/٤/٢٨ گیراوە.

**٤.** پاشماوەی بەجێماوی کەرەستەی بیناسای : بوونی پاشماوەی کەرەستەی بیناسی یەکێکی ترە لە دیاردەکان پیسبوونی بین لە ناوجەی تویژینەوە.

مجلة مركز بابل للدراسات الإنسانية ٢٠٢٦ المجلد ١٦/ العدد ١

مجلة مركز بابل للدراسات الإنسانية ٢٠٢٦ المجلد ١٦ / العدد ١

وێنەی ژمارە (٤)پاشماوەی بەجێماوی کەرەستەی بیناسازی



سەرچاوە: کاری توێژەر، ڕێکەوتی ٢٠٢٥/٤/٢٨ گیراوە.

**٥.** تەلار و باڵەخانەی تەواونەکراوە: بوونی تەلار و باڵەخانەی تەواونەکراوە لە ناوچەی توێژینەوە سەرچاوەیەکی ترە لە سەرچاوەکانی دیاردەی پیسبوونی ژینگە بە بینین.



Journal Of Babylon Center For Humanities Studies 2026 Volume :16 Issue : 1
(ISSN): 2227-2895 (Print) (E-ISSN):2313-0059 (Online)

وێنەی ژمارە (٥) تەلار وباڵەخانەی تەواونەکراوە




سەرچاوە: کاری توێژەر، ڕێکەوتی ٢٠٢٥/٤/٢٨ گیراوە.

**٦-بوونی ئاژەڵ لە ناو شار:** لەو دیاردە ناشرینانەی ناو بازاڕ و گەڕەکەکانی بوونی ئاژەڵی بەرەڵایە،ئەمەیش بووتە هۆی دیاردەیەکی نەگونجاو ناشایستە بۆ شارەکە و جوانیەکەی

وێنەی (٦)بوونی ئاژەڵی بەرەڵا





سەرچاوە: کاری توێژەران، ڕێکەوتی ٢٠٢٥/٩/٥ گیراوە

٧. بورجەکان: بڵاوبونەوەی بورجەکان بە شێوەیەکی هەڕەمەکی و ناشارستانی بونەتە هۆی زیاد بونی کێشەی ژینگەی و تەندروستی وە یەکێکن لەو هۆکارانەی دەبێتەهۆی زیادبوونی دیاریدەی پیسبوونی بینین

وێنەی (٧)بوونی بورجەکان



Journal Of Babylon Center For Humanities Studies 2026 Volume :16 Issue : 1
(ISSN): 2227-2895 (Print) (E-ISSN):2313-0059 (Online)



سەرچاوە: کاری توێژەر، ڕێکەوتی ٢٠٢٥/٩/٥ گیراوە.

## ٨. مۆلیدەی ئەهلیی :

یەکێکی تر لەسەرچاوەکانی پیسبوونی بینین لە ناوچەیی توێژینەوە بوونی مۆلیدەی ئەهلییە لەناو گەڕەکەکان و سەر شەقامە گشتیەکان و بەتایبەت لە نزیک یان لەناو باخچە گشتیەکان سەرەڕایی ژاوەژاوەکەی و دوکەڵەکەی و دیمەنێکی ناشرین و نەخوازراو دەبەخشێت بە شوێنەکە وێنەی ژمارە (٨) مۆلیدەی ئەهلی

مجلة مركز بابل للدراسات الإنسانية ٢٠٢٦ المجلد ١٦ / العدد ١




سەرچاوە: کاری توێژەر، ڕێکەوتی ٢٠٢٥/١١/٢٣ گیراوە.

**٩. خـــانووی کـــۆن و کەلاوە :** بـــوونی خـــاونووی کـــۆن و کەلاوە لە گەڕەکەکانی ناوچەی نیشتەجێبوون جۆرێکی ترە لە دیمەنەکانی دیاردەی پیسبوونی بینین لە ناوچەی توێژینەوە.

وێنەی ژمارە (٩) خانووی کۆن و کەلاوە





سەرچاوە: کاری توێژەر، ڕێکەوتی ٢٠٢٤/١١/٢٣ گیراوە.

**١٠.گەیەنەرەکانی وزەی کارەبا:** چڕ وپڕی کێبڵ وستوونەکانی کارەبا لە گشت گەڕەک وناوچە ئاوەدانەکانی شار دەبینرێت، زۆر جار بوونەتە داپۆشینی دیمەنی پێشەوەی خانوو و باڵەخانەکا، هۆیەکن بۆ تێکدانی سیمای شارستانی شەقام و گەڕەکەکان، نموونەی ئەم دیاردەیش لە گەڕەکەکان و بازرای ناوچەی توێژینەوە دیاردەیەکی بەرچاوە (خالد، ٢٠٠٩،٣٣).

مجلة مركز بابل للدراسات الإنسانية ٢٠٢٦ المجلد ١٦/ العدد ١

مجلة مركز بابل للدراسات الإنسانية ٢٠٢٦ المجلد ١٦ / العدد ١


وێنەی ژمارە (١٠)ناڕێکی تەلی کارەبا و مۆلیدەکان



سەرچاوە: کاری توێژەر، لەڕێکەوتی ٢٠٢٥/١١/٢٧، گیراوە

**١١.بەکارهێنانی شۆستەکان لەلایەن دوکان دارەکانەوە:** خستنە ڕووی کەل وپەل و شتومەکەکان لەسەرشۆستەی شەقامەکان یاخود کرداری هەڵواسینیان، لە کاتێکدا شۆستە وڕێگاو بانەکان مافێکی گشتیان هەیە و مافی هاوڵاتیانە هاتوچۆی پێدابکەن، بوەتە هۆی ڕێگریکردن لە هاتووچۆی هاوڵاتیان و دروست بونی دیاردەی بینین، کە لە ناوچەی توێژینەوە(الحسن، ٢٠١١، ١٨٨)

وێنەی (١١)بەکارهێنانی شۆستەکان لەلایەن دوکاندارەکانەوە




سەرچاوە: کاری توێژەر، ڕێکەوتی ٢٠٢٤/١١/٢٧ گیراوە.

١٢. **پۆستەری هەڵبژاردن:** بڵاوبوونەوەی پرو پاگەندە و بانگەشەی سیاسی و وێنە و پۆستەری کاندیدو حیزبەکان لە کاتی هەڵبژاردن دیاردەیەکی تری پیسبوونی بینینە لە ناوچەی توێژینەوە.

مجلة مركز بابل للدراسات الإنسانية ٢٠٢٦ المجلد ١٦/ العدد ١

مجلة مركز بابل للدراسات الإنسانية ٢٠٢٦ المجلد ١٦ / العدد ١

وێنەی (١٢) ریکلامی هەلبژاردن





سەرچاوە: کاری توێژەر، ڕێکەوتی ٢٠٢٤/١٠/٧ گیراوە.

١٣. **قەرەباڵغی هاتووچۆ:** ئەم دیاردەیە بەهۆی تەسکی شەقامەکان و بەکارهێنانی شۆستەکانەوە ڕوودەدات لە ناوچەی توێژینەوەیش قەرەباڵغی هاتووچۆ بەروونی دەبینریت بەتایبەتی لە دوای عەسرەوە بەرەو ڕۆژ ئاوا بوون(الفهداوی،٢٠٢١،٢٠).

وێنەی (١٣) قەرەباڵغی هاتووچۆ





سەرچاوە: کاری توێژەر، ڕێکەوتی ٢٠٢٥/١١/٢٧ گیراوە.

١٤. **دیاردەیەی نارێکی کۆڵانەکان:** بەهۆی نەبوونی مەرجی ئەندازیاری دیاردەی نارێکی و داخراوی کۆڵانەکان بە ڕوونی لە ناوچەی توێژینەوە دەبینرێت، و بەشێک لە کولانەکان ئاستی فروانیان لە سەرەتاو کۆتایدا وەک یەک نیە بەتایبەتی لە گەڕەکە کۆنەکان.

وێنەی (١٤) ناڕێکی کۆڵانەکان



سەرچاوە: کاری توێژەر، ڕێکەوتی ٢٠٢٥/١١/٢٧ گیراوە.

١٥. **ناڕێکی تابلۆ و ڕیکلامە بازرگانییەکان:** نەبوونی هەماهەنگی لەڕەنگ و قەبارەی تابلۆکانی ریکلام و لە شاری دەربەندیخان دەگەڕێتەوە بۆ ئازادی خاوەن دووکانەکانە لە هەڵبژرادنی ڕووکاری دەرەوەی دووکانەکانیان، ئەمیش سیمایەکی نەخوازرا وناشرین دروست دەکات و فاکتەرێکن بۆ دروست بوونی دیاردەی بینین(دەرادکة،٤٠، ٢٠١٩).



Journal Of Babylon Center For Humanities Studies 2026 Volume :16 Issue : 1
(ISSN): 2227-2895 (Print) (E-ISSN):2313-0059 (Online)

وێنەی (١٥) ناڕێکی تابلۆ و ریکلامه بازرگانییەکان







سەرچاوە: کاری توێژەر، ڕێکەوتی ٢٠٢٥/١١/٢٧ گیراوە.

## ٢.١:كاریگەری پیسبونی بینین لە دیدی دانیشتوانەوە (فۆرمی ڕاپرسی لە ناوچەی توێژینەوە)

فۆرمەکە لە (١٤) پرسیار پێکهاتوە سەبارەت بە ئەو دیاردە پیسبوونانەی ئاماژەی پێدراوە تا چەند کاریگەری لەسەر دانیشتوان هەیە، وەڵامەکان بریتین لە چوا رئاست (کەم، مامناوەند، زۆر، کاریگەری نیە).

فۆرمەکە بەشێوەیەکی هەڕەمەکی بەسەر هاوڵاتیانی ناوچەی توێژینەوە دابەشە کراوە کە بریتی بووە لە (١٠٠ فۆرم) ، هەروەها لە ڕوی ڕەگەز و تەمەن و ئاستی ڕۆشنبیری و پیشە و تێکەڵی هەبوە لە نێوانیاندا.

خشتەی (١) وەڵامی بەشداربوانی فۆرمی ڕاپرسی

| ژ | پرسیار | کەم | مامناوەند | زۆر | کاریگەری نیە |
|---|---|---|---|---|---|
| ١ | خراپ بەکارهێنانی شۆستەکان لە لایەن دەست گێر و خاوەن دوکانەکان. | ١١ | ٣٤ | ٥٠ | ٥ |
| ٢ | زیاد بوونی دیاردەی بینای نایاسایی (تجاوزات) بەتایبەت بینای ماڵان هەروەها دەرکەوتنی یەکەی نیشتەجێبونی هەڕەمەکی. | ٢٦ | ٣٠ | ٣٨ | ٦ |
| ٣ | فڕێدانی پاشەڕۆ و خاشاک لە ناوچە جیاوازەکانی شاردا. | ١٠ | ١٧ | ٧٠ | ٣ |
| ٤ | بڵاوبوونەوەی پۆستەر و ڕیکلام لافیتەو لە زۆربەی شوێنەکانی شاردا. | ٢٨ | ٢٦ | ٤٠ | ٦ |
| ٥ | بڵاوبوونەوەی دیاردەی مۆلیدە ئەهلیەکان و تەل و وایەری ئەو مۆلیدانە بەشێوەی ناڕێک وپێک و بەربڵاو. | ٤ | ١١ | ٨٤ | ٢ |
| ٦ | هەبوونی پاشماوەی بینای کۆن و داروخاو. | ٤٠ | ٢٧ | ٢٨ | ٥ |
| ٧ | دیاردەی بڵاو بوونەوەی ئاژەڵە بەرەڵاکان لە هەندێک لە شەقام و گەڕەکەکان دا. | ٨ | ٣٥ | ٥٣ | ٤ |
| ٨ | نەبوونی پلانی پێش وەختە لە کاتی بنیاد نان ودیزاین کردنی پڕۆژە خزمەت گوزاریەکان. | ٣٠ | ٤٠ | ٢٦ | ٤ |
| ٩ | نەبوونی شوێنی تایبەت بە وەستانی ئۆتۆمبێل. | ١٩ | ١٥ | ٦٥ | ١ |
| ١٠ | جۆراو جۆری بەکارهێنانی مەوادی بیناو رەنگە جۆراوجورەکان لە بیناکان دا. | ١٦ | ٣٠ | ٥٢ | ٢ |
| ١١ | نەبوونی سەوزای بە شێوەیەکی باش. | ١٦ | ١٥ | ٦٧ | ٢ |
| ١٢ | جیاوازی بەرزی باڵە خانە لە تەنیشت یەکەکان دا. | ١٠ | ٣٨ | ٥٠ | ٢ |
| ١٣ | تەسکی شەقامەکان و کۆڵانەکان. | ١٦ | ٢٤ | ٦٠ | ٠ |
| ١٤ | بوونی مەنهۆڵی سەنەگیراو و ناتەندروست. | ٣٥ | ٢٢ | ٤٠ | ٣ |

سەرچاوە: کاری توێژەر بە پشت بەستن بە سەردانی مەیدانی لە ماوەی ئەنجامدانی توێژینەوەکە.

لە ئەنجامی ئەم ڕاپرسییەدا کە ئەنجام دراوە لە سنوری ناوچەی توێژینەوە وەڵامی پرسیارەکان بەم شێوەیە بووە:

١. له وەڵامی پرسیاری یەکەمدا کە دەڵێت خراپ بەکارهێنانی شۆستەکان لەلایەن دەست گێر و خاوەن دوکانەکانەکان تاچەند کاریگەریان هەیە (٥٠) کەس وەڵامەکانیان زۆر بووە واتە بە ڕێژەی (٥٠٪) وە وەڵامی کەم (١١) بە ڕێژەی(١١٪) و مام ناوەند (٣٤) بەڕێژەی (٣٤٪) و کاریگەری نیە (٥)کەس بەڕێژەی (٢٪).

٢. لەوەڵامی پرسیاری دووەمدا: کە دەڵێت زیاد بوونی دیاردەی بینای نا یاسای (تجاوزات) بە تایبەت بینای ماڵان هەروەها دەرکەوتنی یەکەی نیشتەجێبونی هەرەمەکی تاچەند کاریگەری لەسەرت هەیە، ئەوانەی بەشداری فۆرمی راپرسیەکەیان کردووە، (٣٨) کەس وەڵامیان زۆر بوو بە ڕێژەی (٣٨٪) وە (٢٦) وەڵامەکەیان کەم بوو واتە بە ڕێژەی (٢٦٪)، لەهەمان کاتدا (٣٠) کەس وەڵامەکەیان مام ناوەند بوو بووە کە بە ڕێژەی (٣٠٪) دەکات ئەوانەی وتوویانە کاریگەری نیە (٦)کەسە بەڕێژەی(٦٪)،ئەو کەسانەی کە سەرپێچیان کردووە ئەم دیاردەیە بە ئاسایی دەبینن.

٣. پرسیاری سێیەم: تاچەند فڕێدانی پاشەڕۆ و خاشاک لە ناوچە جیاوازەکانی شاردا کاریگەری لەسەرت هەیە، ئەو هاوڵاتیانەی فۆرمی ڕاپرسیەکە گرتنیەتەوە وەڵامەکانیان بەم شێوەیە بووە، (٧٠) کەس وەڵامیان زۆر بوو کە بە ڕێژەی (٧٠٪)، و (١٠) کەس وەڵامیان کەم بووە بە ڕێژەی (١٠٪) بوو، و (١٧) کەس وەڵامی مام ناوەند هەبوو واتە بە ڕێژەی (١٧٪) لە هەمان کاتدا ئەانەی وتوویانە کاریگەری نیە (٣) بەڕێژەی(٣٪).

٤. پرسیاری چوارەم: تا چەند بڵاو بوونەوەی پۆستەر و ڕیکلام لافیتەو لە زۆربەی شوێنەکانی شارداکاریگەری لەسەرت هەیە، کاریگەری زۆر بە پلەی یەکەم دێت کە (٤٠) کەس بە ڕێژەی (٤٠٪)ە، وکاریگەری مامناوەند بە پلەی دووەم دێت کە (٢٦)کەس، ئەو هاوڵاتیانەشەی وەڵامەکەیان ئەوە بووە کە کاریگەری نیە لەسەریان (٦) کەسە بەڕێژەی (6%).

٥. پرسیاری پێنجەم: تا چەند بڵاوبوونەوەی دیاردەی مۆلیدە ئەهلیەکان و تەل و وایەری ئەو مۆلیدانە بەشێوەی ناڕێک و پێک و بەربڵاوکاریگەری لەسەرت هەیە، ئەوانەی بەشداری فۆرمی ڕاپرسیەکەیان کردوە، وەڵامەکەیان بەم شێوازە بووە، ژمارەی ئەو کەسانەی کە وەڵامەکانیان زۆر بوو (٨٤) کەس بوو بە ڕێژەی (٨٤٪)، و (٤) وەڵامی کەم بوو بۆ ئەم پرسیارە کەڕێژەی (٤٪)ە، وە (١١) کەس بە مام ناوەند وەڵامیان بۆ ئەم پرسیارە بوو واتە بە ڕێژەی (١٠٪) وە کاریگەری نیە (٢) بە ڕێژەی (٢٪).

٦. پرسیاری شەشەم: تاچەند هەبوونی پاشماوەی بینای کۆن و داروخاو، کاریگەری لەسەرت هەیە، لەو هاوڵاتیانەی بەشداری فۆرمی راپرسیەکەیان کردوە، (٢٨) کەس وەڵامیان زۆر بوو، بە ڕێژەی (٢٨٪)، (٤٠) کەس وەڵامیان بە کەم بوو بە ڕێژەی (٤٠٪)، وە (٢٧) کەس وەڵامیان بۆ

ئەم پرسیارە مام ناوەند بوو بە ڕێـژەی (٢٧٪)، ئەوانەی وتوویـانە کـاریگەری نیە (٤)کەسە.

٧. سەبارەت بە وەڵامی پرسـیاری حەوتەم دیاردەی بڵاوبـوونەوەی ئـاژەڵە بەرەڵاکـان لە هەنـدێک لە شـەقام و گەڕەکەکـان دا تاچەنـد کـاریگەری لەسـەرت هەیە، (٥٣) کەس وەڵامیـان زۆر بـووە بە ڕێـژەی (٥٣٪) وە (٨) کەس وەڵامیـان کەم بـوو بەڕێـژەی (٨٪)، وە ڕێـژەی ئەوانەی وەڵامەکەیـان مام ناوەند بوو (٣٥) کەس بە ڕێژەی (٣٥٪)، وەکاریگەری نیە (٤) بە ڕێژەی (٤٪).

٨. پرسیاری هەشتەم: تاچەند نەبوونی پلانی پێش وەختە لە کـاتی بنیاد نان ودیزاین کردنـی پڕۆژە خزمەت گوزاریەکـان کـارپگەری لەسـەرت هەیە ئەوانەی بەشاری فۆرمی راپرسیەکەیان کردووە، وەڵامەکانیان بەم شـێوازە بـوو، (٢٦) کەس وەڵامەکانیـان زۆر بـوو بە ڕێـژەی (٦٨٪)، وە (٣٠) کەس وەڵامەکانیان بە کەم بوو، و (٤٠) کەس وەڵامەکانیان بە مام ناوەنـد بـوو بە ڕێژەی (٤٠٪) ئەوانەی وتوویانە کاریگەری نیە لەسەریان (٤) کەس بوون.

٩. سـەبارەت بە وەڵامـی پرسـیاری نـۆیەم نەبـوونی شـوێنی تـایبەت بە وەسـتانی ئۆتۆمبێـل تاچەنـد کـاریگەری لەسـەرت هەیە تەنهـا (٦٥) کەس وەڵامەکانیان زۆر بـوو بە ڕێـژەی (٦٥٪) وە (١٩) کەس وەڵامەکانیـان بەکەم بـوو بە ڕێـژەی (١٩٪)، ئەوانەی کە بە مـام نـاوەن بـوو (١٥) کەس بـوو بە ڕێژەی (١٥٪) لە وەڵامی کاریگەری نیە (١) کەس بە ڕێژەی(١٪).

١٠. سـەبارەت بە وەڵامـی پرسـیاری دەیەم: تاچەنـد جۆراوجـۆری بەکارهێنانی مەودای بینـا و رەنـگە جۆراوجورەکـان لە بیناکـان دا کـاریگەری لەسەرت هەیە، ئەوانەی بەشداری فۆرمی ڕاپرسیەکەیان کـردووە، (٥٢) کەس وەڵامەکانیان زۆر بوو بە ڕێژەی (٥٢٪) وە (١٦) کەس وەڵامەکانیان بە کەم بوو بە ڕێژەی (١٦٪)، وە وەڵامی ئەوانەی کە بە مام نـاوەن بـوو تەنهـا (٣٠) کەس بوو بە ڕێـژەی (٣٠٪) لە وەڵامـی کـاریگەری نـیە (٢) بە ڕێـژەی (٢٪).

١١. پرسیاری یازدەم: لە وەڵامی نەبوونی سـەوزای بە شـێوەیەکی بـاش تاچەند کـاریگەری لەسـەرت هەبـووە، (٦٧) کەس وەڵامەکانیـان زۆر بـوو بە ڕێـــژەی (٦٧٪) وە (١٦) کەس وەڵامەکانیـــان بەکەم بـــوو بە ڕێـــژەی (١٦٪)،وەڵامـی ئەوانەی کە بە مـام ناوەنـد بـوو (١٥) کەس بـوو بە ڕێـژەی (١٥٪) لە وەڵامی کاریگەری نیە (٢) بە ڕێژەی (٢٪).

١٢. پرسـیاری دوانـزە: تاچەنـد جیـاوازی بەرزی باڵەخـانە لە تەنیشـت یەکەکـان دا کـاریگەری لەسـەرت هەیە، ئەوانەی بەشـداری فـۆرمی راپرسـیەکەیان کـردووە، (٥٠) کەسـیان وەڵامەکانیـان زۆر بـوو بە ڕێـژەی (٥٠٪)، و (١٠) کەس وەڵامەکانیـان بەکەم بـوو بە ڕێـژەی (١٠٪)،وەڵامـی

ئەوانەی کە بە مام ناوەند بوو تەنها (٣٨) کەس بوو بە ڕێژەی (٣٨٪) لە وەڵامی کاریگەری نیە (٢) بە ڕێژەی (٢٪).

١٣. پرسیاری سێزدەهەم: تاچەند تەسکی شەقامەکان و کۆڵانەکان کاریگەری لەسەرت هەیە وەڵامی بەشداربوان بەم شێوزە بووە، (٦٠) کەس وەڵامەکانیان زۆر بوو بە ڕێژەی (٦٠٪) وە (١٦ کەس وەڵامەکانیان بەکەم بوو بە ڕێژەی (١٦٪)، وەڵامی ئەوانەی کە بە مام ناوەن بوو تەنها (٢٤) کەس بوو بە ڕێژەی (٢٦٪) لە وەڵامی کاریگەری نیە (٠).

١٤. بۆ وەڵامی پرسیاری چواردەم: تاچەند بوونی مەنهۆڵی سەنەگیراو و ناتەندروست کاریەری لەسەرت هەیە، (٤٠) کەس وەڵامەکانیان زۆر بوو بە ڕێژەی (٤٠٪) وە (٣٥) کەس وەڵامەکانیان بەکەم بوو بە ڕێژەی (٣٥٪)،وەڵامی ئەوانەی کە بە مام ناوەن بوو تەنها (٢٢) کەس بووە، لە وەڵامی بەشداربوان کە وتوویانە کاریگەری نیە (٣) بە ڕێژەی (٣٪).

بە خوێدنەوەی وەڵامی بەشداربوانی فۆرمی ڕاپرسیەکە بۆمان دەردەکەوێت ئەو لە کوێ ئەو سەرچاوانەی لە ناوچەی توێژینەوە بوونە هۆی پیسبوونی بینین کاریگەری زۆر لەسەر هاوڵاتیان هەیە.

### ٣.١. ڕێگە چارەکانی پیسبوونی بینین لە شاری دەربەندیخان

پیسبوونی بینین لە سەردەمی ئەمڕۆماندا بۆتە گرفتێکی گەورە و ئاشکرا شارەکان بەدەست ئەم پیسبوونەوە دەناڵێنن، ناوچەی لیکۆڵینەوەش بەدەر نیە لەم جۆرەی پیسبوون بۆ ڕزگاربوون لە پیسبوونی بینین یان بۆ کەمکردنەوە وڕێگری کردن لێی پێوسیتە چەند ڕێگا هەنگاوێک بگیرێتە بەر گرنگترینیان بریتیە لە:

١. بایەخدان بە بڵاوکردنەوەی هۆشیاری ژینگەی بەگشتی و مەترسییەکانی بەتایبەتی، لەڕێگەی ئامرازەکانی ڕاگەیاندن ناوەندەکانی خوێندنەوە، چونکە بەشێک لە دیاردەکانی پیسبوون لە شارەکە لە ئەنجامی کەم تەرخەمی و پشت گوێ خستنی هاوڵاتیانە بەرامبەر بە شارەکەیان، بۆیە پێوستە هەوڵ بدرێت بۆ دروست کردنی گیانی هاوکاری و هەستکرن بە بەرپرسیارەتی لای هاوڵاتیانی ناوچەی لێکۆڵینەوە بۆ شارەکەیان.

٢. چاندنی درەخت و زیادکردنی ڕووبەری سەوزایی، سیمایەکی جوان بە شارەکە دەبەخشێت و مرۆڤ هەست بە ئاسودەیی وئارامی دەکات بۆیە پێویستە هەوڵبدرێت ڕووبەری ناوچە سەوزایەکان زیاد بکریت لە ناو بازاڕ و شوێنە گشتیەکان و گەرەکەکان، هەروەها لابردن و دوور خستنەوەی ئەو مۆلیدە ئەهلیانەی کە لە نزیک پارک و باخ و ناوچە سەوزایەکان دانروان.

٣.دانان و جێبەجێ کردنی یاسای تایبەت بە پیسبوونی ژینگە بە گشتی و پیســبوونی بینـین بە تـایبەتی، هەروەهـا سـزادانی ئەو کەسـانەی کە سەرپێچی یاسا و ڕێنمایەکان دەکە.

٤. لابـردن و دوور خسـتنەوەی هەمـوو زیادەڕەوییەکـان لەسـەر شـەقام و شۆستە و شوێنە گشتییەکان.

٥. دروسـتکردنی شـوێنی تـایبەت بـۆ پـارکردنی ئۆتۆمبیـل و ڕێگریکـردن لە بەکارهێنـانی شـەقام و شۆسـتەکان بـۆ وەسـتاندنی ئۆتۆمبیـل کە ئەم دیاردەیە لە ناوچەی توێژینەوە یەکێکە لە سەرچاوەکانی پیسبوونی بینین.

٦. لە کاتی دروست کردنی خانوو و باڵەخانە ودووکان یان نۆژەنـدکردنەوەی ڕێشەوەی بیناکان بە پەردەیەکی پلاستیکی کاتی بگیرێـت، و هەوڵبـدرێت ئەم پەردەیە وێنەی جوانی لەسەر بکێشرێت بۆ ئەوەی وێنەیەکی جوان بە شوێنەکە ببەخشێت تا دوای تەوابوونی ئەم پەردانە لابدرێن.

٧. هەوڵـدان بـۆ دروسـت نەبـوون و نەهێشـتنی زەوی بەتـاڵ لە نـاوچەی نیشـــتەجێبوون بەمەبەســـتی جـــوانکردنی شـــارەکەو دورکەوتـــنەوە لە پیسـبوونی بینـین، ئەوەیـش لەڕیـگەی دروسـتکرنی پەرژینێـک بە دەوری زەویە بەجێهڵراوەکـان بـۆ ئەوەی نەبێـتە شـوێنی کۆبـوونەوەی پاشـماوە و پەروەردەکردنی پەلەوەر وئاژەڵ.

٨. دانـانی بەرنـامەی ڕێـک و پێـک بـۆ نەهێشـتنی نـاوچەی کۆبـوونەوەی پاشماوە بەجیهێڵراوەکان لە ناو بازاڕ وشـوێنە گشـتیەکان و گەڕەکەکـان بـۆ نمـوونە دانـانی حـاویە بە مەبەسـتی کـۆکردنەوەی پاشـماوەکان، پاشـان فڕیدانی لە شوێنکی دوورە دەست و دوور لە دانیشتوان.

٩. کار بکرێت لە لایەن حکومەتەوە بۆ زایـادکردنی کارەبـایی نیشـتمانی بە مەبەسـتی لابـردن یـان کەمکـردنەوەی مۆلیـدە ئەهلییەکـان لە نـاو گەڕەک وشوێنە گشتیەکان دانانی جێگرەوەی نوێ بـۆ تەل و وایەری مۆلیـدەکان بە شێوازیکی زانستی وسەردەیانە.

١٠. دوورخستنەوەی ئاژەڵی بەرەڵا لە ناو بـازاڕا و یەکەی نیشـتەجێبوون، و ڕیگریکـردن و نەهێشـتنی بەخێـوکردنی ئـاژەڵ و پەلەوەر لەنـاو شـوێنی نیشتەجێبوون.

١١. ڕێکخستنی بەکارهێنانی زەوی لە شارەکەدا، بە تایبەت لە ناو بازاڕ، تا ڕادەیەک هاوســـەنگی وهەمـــاهەنگی لە نێـــوان پیشـــە و دووکـــان و باڵەخانەکان بەدی بکرێت.

## دەرئەنجام :

**١.** پیسبوونی بینین هەموو ئەو دیاردانە دەگرێتەوە کە چێژی بینین کەم دەکەنەوە لە کاتی سەیرکردنیان دا، مرۆڤ هەست بە نائارامی دەکات و دڵخۆش نیە بە بینی ئەو دیمەنانە، و کاریگەری لەسەر چاو و دەرونی دەبێت.

٢. سەرچاوەکانی دروست بوونی پیسبوونی بینین لەناوچەی توێژینەوە جۆراوجۆرن، بریتین لە خراپی دیزاینی تەلارسازی، ڕێک نەخستنی شێوەکانی بەکارهێنانی زەوی و نووسینی سەر دیوار، ڕیکلام و تابلۆکان، چڕو پڕی گەیەنەرەکان وزەی کارەبا، زەوی بەتاڵ وخانووی کۆن و داڕماو، بڵاوبوونەوەی خۆڵ و خاشاک و تێکەڵبوونی ناوچەی پیشەسازی لەگەڵ ناوچەی نیشتەجێبوون.

٣. هۆکارەکانی پیس بوونی بینین لە ناوچەی توێژینەوە دەگەڕێتەوە بۆ چەندین هۆکار وەک (هۆکاری ئابووری، لاوزی و کەمتەرخەمی دەسەڵاتی کارگێڕی، هۆکاری خراپی پلاندانانی شار، هۆکاری کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری).

٤. بە پشت بەستن بە داتاکانی ڕاپرسیەکە بۆمان دەرکەوت لە کۆی ئەو سەرچاوانەی لە ناوچەی توێژینەوە بوونە هۆی پیسبوونی بینین کاریگەری زۆر لەسەر هاوڵاتیان هەیە.

٥. دەتوانین لە ڕێگەی کۆمەڵێک ڕێگەوە چارەسەر بۆ دیاردەی پیسبوونی بینین لە سنووری ناوچەی توێژینەوە بکرێت وەک (چاودێری کردنی لایەنی پەیوەندیدار، نەهێشتنی گەیەنەرەکانی کارەبا لەسەر ڕوی زەوی و شاردنەوەیان لە ژێر زەوی، دانانی حاویە بە مەبەستی کۆکردنەوەی پاشماوەکان،سزادانی ئەو هاولاتیانەی بەهۆی کارو چالاکیەکانیانەوە دەبنە سەرچاوەی پیسبوونی بینین، چاندنی دارو درەخت، هۆشیاری ژینگەیی).

## ڕاسپاردە

**١.** بڵاوکردنەوی هۆشیاری ژینگەیی لە نێوان هەموو چین و توێژەکانی کۆمەڵگە، لە ڕێگەی هۆیە هەمە جۆرەکانی ڕاگەیاندن و سازدانی وانەی زانستی و شانۆگەری و لە ناوەندەکانی خوێندن.

٢. زیادکردنی ڕێژەی سەوزایی (پشتێنەی سەوزایی) بەگشتی لە ناوچە جیاوازەکانی شاردا، و بەتایبەتی بە درێژی ڕێگاوبانەکان و شەقامە سەرەکیەکان و دەوروبەری ناوچەی بازرگانی و ناوەندی گەڕەکەکان.

٣. دانان و جێبەجێ کردنی یاسای تایبەت بە پسیبوونی بینین، هەروەها سزادان و لێپێچینەو بەرامبەر ئەوانەی کە دەستیان هەیە لە زەق کردنەوەی ئەم جۆرە پیسبوونە

٤. ڕێکخستن و گونجاندنی تابلۆ ڕیکلامییەکان و ڕەگی بیناکان لە ڕووی قەبارە و ڕەنگ و شێوەکەی

٥. دوور خستنەوەی ئاژەڵی بەرەڵا لەناو بازاڕ و گەرەکەکان.

## سەرچاوەکان

### یەکەم: کتێب

١. بەرزنجی، صدیق شێخ محمد ، کاریگەری مرۆڤ لە ژینگە پیسکردندا، چاپخانەی زانکۆی سەڵاحەدین، چاپی یەکەم، هەولێر، ٢٠٠١.
٢. تاحون، زەکەریا، بەرێوبردنی ژینگە، و ئەحمەد، عەلی ئەحمەد، چاپخانەی کەمال، چاپی یەکەم، ٢٠١٤.
٣. رەبیع،عادل مشعان ، و.احمەد عەلی احمەد، هۆشیارکردنەوەی ژینگەی، چاپی یەکەم، چاپخانەی کەمال، ٢٠١٤.
٤. حسن، المهندس عبدالهادی، پاراستنی ژینگە لە پیسبوون بە لە ناوبەرە کیمیاییەکان و باشترین رێگاچارەیش بۆیان، و احمد، گەرمیان محمد، چاپخانەی چوارچرا، چاپی یەکەم، ٢٠١٢.
٥. عەجورە، موحەمەد ئەلسید ، پیسبوونی ژینگەو جۆرەکانی، وەرگێران: ئەحمەد علی ئەحمەد، چاپی یەکەم، چاپخانەی کەمال، سلێمانی، ٢٠١٤.
٦. محمد، هەوراز، پیسبوونی بینین و کاریگەری لەسەر ڕەفتاری کۆمەڵایەتی، چاپی یەکەم، سلێمانی، ٢٠٠٨.

### نامەی زانکۆی:

١.أحمد، مهدی هادی، جیاوازی شوێنجێگەی پیسبوونی ژاوەژاو لە شاری سلێمانیدا، نامەی ماستەر، بڵاونەکراوە، زانکۆی سلێمانی، کۆلێجی زانستە مرۆڤایەتییەکانم بەشی جوگرافیا ٢٠٢٢.

٢. المشهداني، لطيف ماجد ابراهيم ـ سها فاضل عباس، اسباب و مظاهر التلوث البصري في بحض مناطق مدينة بغداد ـ جانب الرصافة، الجامعة المستنصرية/كلية التربية الأساسية، ٢٠٢٢.

٣. الزيدي، نشوان محمود جاسم ، التلوث البصري في مدينة الموصل، (دراسة في جغرافية التلوث) جامعة الموصل دراسات الموصلية، عدد ٤١ ، ٢٠١٣

٤.شكري إبراهيم الحسن، التلوث البيئي في مدينة البصرة، أطروحة دكتوراه، كلية الآداب، جامعة البصرة، ٢٠١١.

٥. الفتلاوى، مقداد جليل،عبد الرحيم، التلوث البصرى فى المدينة المسيب_ الآسباب والحلول،رسالة الماجستير ( غيرة المنشور) جامعة الاسلامية فى لبنان، كلية الاداب والعلوم الانسانية، ٢٠٢٣.

٦. الفهداوێ، سارة العبدالغنى احمد خضير، تصميم خرائط الثلاثية الابعاد التلوث البصرى فى مدينة الرمادى، رسالة الماجستير ( غيرة المنشور) جامعة الآنبار، كلية التربية للعلوم الانسانية، ٢٠٢١.

٧. باڵەکی، شێروان حسین شینک، شیکردنەوەی جوگرافی بۆ پیشەسازیە پیسکەرەکان و کاریگەری ژینگەییەکانی لە پارێزگای هەولێر، نامەی ماستەر( بڵاونەکراوە) زانکۆی کۆیە، فاکەڵتی پەروەدەی،٢٠١٦.

٨. تۆفیق، کامەران محمد، شیکردنەوەی جوگرافی گەشەی دانیشتوان و کاریگەری لەسەر فروانبوونی رووبەری شاری دەربەدنديخان، نامەی ماستەر(بڵاونەکراوە) زانکۆ سلێمانی، کۆلێجی زانستە مرۆڤایەتییەکان،٢٠١٥.

٩.خالد، محمد طلال جميل، تحليل وتقيم التسوبة البصرى فى مدينة طولكرم، رسالة الماجستير( غيرة المنشور)جامعة الناجح الوطنية، كلية الدراسات العليا. ٢٠٠٩.

١٠. درادكة، ايناس نبيل محمد، مدى تآثير اللافيتة التجارێة على التلوث البصرى للشارع التجارى مدينة عمان، رسالة الماجستير، (غير المنشورة) جامعة الشرق الاوسط، كلية العمارة والتصميم،٢٠١٩.

١١. عەبدولرەحمان، ڕۆژان فەرەیدوون ، شیکردنەوەی جوگرافیا بۆ جیاوازی پیسبوونی ئاوی ژێر زەوی لە ناوچەی سلێمانی.نامەی ماستەر(بڵاونەکراوە)،کۆلێجی زانستە مرۆڤایەتیەکان.زانکۆی سلێمانی،٢٠٠٨.

## گۆڤار :

١.امین، دڵپاک احمد حمه، احمد، ئامانج فواد، ڕواڵەتەکانی پیسبوونی بینین لەشاری کلار ، گۆڤاری زانستی زانکۆی گەرمیان، ژمارە(١)، ٢٠٠٩.

٢. الكلابي، انور صباح محمد، التباين المكاني للمظاهر التلوث البصري في المدينة السماوة و تأثيراتها الصحية، مجلة البحوث الجغرافية، عدد٢٢، جامعة المثنى، ٢٠١٥.

٣. حمدان، سوسن صبيح، اثر التلوث البصري في تشوية جمالية المدن (مدينة بغداد نموذج)، قسم الدراسات الجغرافية، مركز المستنصرية للدراسات العربية والدولية، ٢٠١٠.

٤. عەلی، هاودین کامل،یوسف، عطا حمەلاو،دیاردەی پیسبوونی بینین لە شاری سەیدسادق،گۆڤاری زانکۆی سلێمانی، بەشی زانستە مرۆڤایەتیەکان،٢٠٢٠.

**بڵاوکراوەی حکومی:**

١.حکـــومەتی هەرێمـــی کوردســـتان، وەزارەتـــی پلانـــدانانی حکـــومەتی هەرێـــم، بەرێوبەرایەتی ئاماری سلێمانی، ٢٠٢٥.

**Sources**

**First, the book**

1.Barzanji, Siddiq Sheikh Mohammed, Human Impact on Environmental Pollution, Salahaddin University Printing House, 1st Edition, Erbil،

2.Tahun, Zakaria, Environmental Management, and Ahmad, Ali Ahmad, Kamal Printing House, 1st Edition،

3.Rabi, Adel Mash'an, W. Ahmad Ali Ahmad, Environmental Awareness, First Edition, Kamal Printing House،

4.Hassan, Engineer Abdulhadi, Protecting the environment from chemical pollution and the best solution for them, and Ahmad, Garmian Mohammed, Chawarchra Printing House, 1st edition،

5.Ajura, Mohammed Al-Sid, Environmental Pollution and its Types, Translated by: Ahmad Ali Ahmad, First Edition, Kamal Printing House, Sulaimani،

6.Mohammed, Hawraz, Visual pollution and its impact on social behavior, 1st edition, Sulaimani،

**University Letter:**

1.Ahmad, Mahdi Hadi, Differences in the location of noise pollution in Sulaimani, Master's thesis, unpublished, Sulaimani University, College of Humanities, Department of Geography

2.Al-Mashhadani, Latif Majid Ibrahim - Saha Fazel Abbas, Causes and manifestations of al-Basri pollution in some areas of Baghdad city - next to al-Rasafa, Mustansiriyah University/Faculty of Education Al-Asasiyyah،

3.Al-Zaidi, Niswan Mahmoud Jassim, Basri pollution in Mosul city, (Study in the geography of pollution) Mosul University of Mosul Studies, No. 41،

4.Shukri Ibrahim Al-Hassan, Environmental Pollution in the City of Basra, Doctoral Thesis, Faculty of Arts, University of Basra،

5.Al-Fatlawi, Miqdad Jalil, Abdul Rahim, Al-Talooth Al-Basri in the City of Disaster - Causes and Solutions, Master's Thesis (Unpublished) Islamic University in Lebanon, Faculty of Arts and Humanities, 2023.

6.Al-Fahdawi, Sarah Abdul Ghani Ahmad Khadir, Design of three-dimensional landscaping of Basri in Ramadi, Master's thesis (Unpublished) Anbar University, Faculty of Education for the Humanities،

7.Balaki, Sherwan Hussein Shink, Geographical Analysis of Polluting Industries and their Environmental Impacts in Erbil Province, Master's Thesis (Unpublished) Koya University, Faculty of Education،

8.Tofiq, Kamran Mohammed, Geographical Analysis of Population Growth and its Impact on the Expansion of the Area of Darbaddikhan, Master's Thesis (Unpublished) Sulaimani University, College of Humanities،

9.Khalid, Mohammed Talal Jamil, Analysis and Assessment of Basra Pollution in Tulkarm City, Master's Thesis (Unpublished) National Najih University, Faculty of Higher Studies. 2009.

10.Dradka, Inaas Nabil Mohammed, The Effect of Trade Banners on Basra Traffic on the Trade Street of Oman, Master's Thesis, (Unpublished) Middle East University, Faculty of Architecture والتصميم،٢

11.Abdulrahman, Rojan Faraidoon, Geographical analysis of groundwater pollution differences in Sulaimani region. Master's thesis (unpublished), College of Humanities, Sulaimani University،

**magazine:**

1.Amin, Dilpak Ahmad Hama, Ahmad, Amanj Fuad, Appearances of Vision Pollution in Klar, Scientific Journal of Garmian University, No. (1،(

2.Al-Kalabi, Anwar Sabah Mohammed, Localization of the Basra pollution demonstration in the city of Samawa and its health effects, Geographical Research Journal, No. 22, Muthanni University, 2015.

3.Hamdan, Susan Sabih, The Effect of Basri Pollution in the Beautiful City of Baghdad, Department of Geographical Studies, Mustansiriyah Center for Arab and International Studies،

4.Ali, Hawdin Kamil, Yousef, Atta Hamlaw, Vision Pollution Phenomenon in Said Sadiq, Journal of Sulaimani University, Department of Humanities،

**Government publication:**

1 .Kurdistan Regional Government, Ministry of Planning, Sulaimani Statistical Directorate،